نەقشەی ڕێگا لە پێناو دەستبەرکردنی سەروەری سیاسی بۆ کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان

قۆناغی یەکەم

کۆنفرانسی ئاشتی نەتەوەیی

لەقۆناغی یەکەمدا، بزوتنەوە هێز و تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ پێکهێنان کۆنفرانسی ئاشتی نەتەوەیی بکرێ. ئەم کۆنفرانسە پێکهاتەیەکی بەرین دەبێت، کەزۆرترین دەنگ و رەنگی کۆمەڵگاکەمان لەخۆ دەگرێ. ئەم پێکهاتەیە بە بەشداری نوێنەرانی گشت حیزبـو ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و هەروەها بەشداربوونی کەسایەتیە سیاسی، ئایینی و کۆمەلایە تیەکان پێک دێت. ئەرکی ئەم کۆنفرانسە بریتی دەبن لە:

١. رەخساندنی کەشو هەوا و بەستێنی تەبایی نێوان لایەنە ناکۆک و ناتەباکان لەپرۆسەی دارشتن و خوڵقاندنی ستراتیژی یەك دەنگیسازی و هاودەنگی گشتگیر..

٢. تێکۆشان و هەولدان بۆ رەخساندنی کەش و هەوای گونجاو بۆ چەسپاندنی ئەسلی یەکترقبوڵکردن ، کەبە سەرەتای پرۆسەی دیالۆگی نێوان لایەنەکان دەژمێردرێ. رەوتی دەستەبەرکردنی مافی دەسەڵاتی سیاسیی و سەروەریسازی نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بەو بەستێن و پاشخانی کولتوری هەیە. بۆ ئەوەی کۆدەنگی و یەکدەنگی لەسەر پرسەگرینگەکان دەستەبەر بێ، کراوەیی و شەفافییەت، یەکترتەحموول و تەقەبوول کردن لە دارشتنی پێوەندی نێوان لایەن و حیزب و لەسەر یەك کۆی ئەکتەرگەلی سیاسی ناو کۆمەلگای سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان، وەک پێویستیەکانی هەرە گرینگ و ئیستێراتیژیک خۆدەنوێنن، بۆیە بزووتنەوە بۆدەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانە پێویستی بەهاریکاری سەمیمانەی گشت لایەک هەیە.

٣. ئامانجی سەرەکی ئەو کۆنفرانسە پاش دەستەبەرکرانی لێک تێگەیشتن و هاودەنگی لەنێوان لایەنەکاندا، کارکردن بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەییە. بەرێککەوتن و تێگەیشتنی هەمەلایەنە کۆنفرانس کۆمیتەیەکی کارناس و شارەزا هەڵدەبژێرێ، بۆ ئەوەی سەرەتا و مەرجەکانی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا ئامادەبکەن. ئەو دامەزراوەیە رۆڵ و نەخشی پارلەمانیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات و لە قۆناخی تێپەڕدا بەئەستۆ دەگرێ.

قۆناغی دووهەم

دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی ( پارلەمانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە)

بزوتنەوە بە هاوکاری کۆمیتەی ئامادەکار، کەلەلایەن کۆنفرانسەوەهەڵبژێردراوە بەستێنەکانی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە دەکا. کۆنگرەی ئاماژەپێکراو لەنوێنەرانی هەموو حیزب و رێکخراوەکان (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵایەتی) و ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی زۆربەی چین و توێژەکان پێکدێ. کۆنگرە لەپێناوی پەسەندکردنی جۆری مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکەمان تێدەکۆشێ. لەو پێوەندییەدا گرینگە، کەجۆری پەسەندکراوی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ بارودۆخی ناوچەوکوردستان بگونجێ.

پاش پەسەندکرانی ئەو مۆدیلە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە، سروشتی دامەزراندنی حکومەتی دیفاکتۆی کوردەکانی رۆژهەڵات دیاری دەکرێ. وە هەر لەم راستایەشدا لەسەر بناخەی دێموکراسی رێککەوتن و کۆنسێنسواڵ ئەندامانی کۆنگرە بەتەوافووق، کابینەی حکومەتی دیفاکتۆ و ئیئتلافی رۆژهەڵاتی کوردستان دیاری دەکەن.

قۆناغی سێهەم

دامەزراندن و راگەیاندنی حکومەتێکی دیفاکتۆ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان

لە فاز و هەنگاوی سێهەمدا، بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان کەش‌و هەوا و بەستێنی پێویست‌و لەبار بۆ جێبەجێکردنی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەرەخسێنێت. لەو پێوەندییەدا بە سوودوەرگرتن لە بڕیارنامەی 1( ١٥١٤ و ٢٦٢٥)ی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەچوارچێوەی نیزامی حقووقی نێونەتەوەیی، بۆ رەوایەت‌و شەرعییەت‌دان بەپێگەو جێگەی حکومەتی دێفاکتۆی کوردیی کار بکات. روونە کە رۆژهەڵاتی کوردستان و کوردەکانی ئەو پارچەیە بێ ویستی خۆیان کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئێران. ئەو نەتەوەیە بەدرێژایی مێژوو لەمافە رەواکان بێبەشکراوە. لەو هەلومەرجەدا پێویستە لەچوارچێوەی بڕیارنامەی 2٦٢٥ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا رەوایەتی و مافی مەشروعبوونی حکومەتی دێفاکتۆ بدۆزرێتەوە. بەخوێندنەوەی ئەو بڕیارنامەیەو هەروەها بەسەرنجدان بەچوارچێوەی مافی نێونەتەوەیی،" بڕیاری دێموکراتیکی گەلان لەسەر چارەنووسی خۆیان

جێگای ڕێزەو بەفەرمی دەناسرێ". هەر بۆیەبزوتنەوەبەسوودوەرگرتن لەخاڵەگرینگ و خاوەن بایەخەکانی ئاماژەپێکراودا، حکومەتی دیفاکتۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات رادەگەیەنێ.

ئەرک و بەرپرسایەتی ئەم حکومەتە:١

١. ڕێکخستن و ڕێبەری کردنی بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە، لەسەر بناخەی خەباتی نەرێنی نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دژ بەزوولم و زۆر، و سیاسەتی داپلۆسینی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

٢. نیشاندان و خستنەڕووی توانا و لێهاتوویی حکومەتی دیفاکتۆ لەگۆڕەپان و مەیدانی کردەوەدا. ئەو توانایە ئەگەری گونجاو دەخولقێنە بۆ ئەوەی حکومەتی دیفاکتۆ وەك جێگرەوەی سیستمی بەڕێوەبەریی دەوڵەت لە رۆژهەلاتی کوردستان بنرخێندرێ. لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی دیفاکتۆ هەوڵدەدات بۆ رەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ کردەی دیپلۆماسی و میکانیزمی هێنانەگۆڕی کەش و بەستێنی دیالۆگ و دانووستان لەپێناوی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان. جێگای باسە، کەحکومەتی ئاماژەپێکراو بێجگە لەو ئەرکانە، لەپێناو چەسپاندنی ماف و رەوایەتی ویستی کوردەکان لەمەیدانی بەرین و لەناو نیهادگەلی خاوەن بریار تێدەکۆشێ.

٣. سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی هەموو میکانیزم و ماف و یاسا نێونەتەوەییەکان، بۆ وەدەستهێنانی رەوایەتی ناوچەیی و جیهانی. دیارە خۆشکردنی بەستێنی دەستەبەرکردنی مافی خۆبەڕێوەبەردن و رەوایەت بەخشین بەو مافە لەئاستە جیاوازەکاندا، یارمەتیدەری جێبەجێ بوون و ماتریاڵیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستانە.

٤. کارکردن و تێکۆشان لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانی بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی جیهانی دەرەوە بۆ پرسی کورد و رەوایەتدان بەحکومەتی دیفاکتۆ. لەو رێگایەوە دەکرێ سوود لەهەموو بوارەکان وەربگیرێ و پاڵپشتی نێونەتەوەیی مسۆگەر بکرێ. لەئەگەری دەستپێکردنی پرۆسەی دیالۆگی نێوان لایەنەکان و دەسەلاتی ناوەندی بو چارەسەرکردنی ئەو پرسە ئاڵۆزە لەرێگای دیالۆگ و نەخشەرێگای ئاشتیەوە، حکومەتی تێپەڕو ئینتیقالی، دەتوانێ ئەرکی ئیدارەکردنی جۆغرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستەوەبگرێ. حکومەتی دیفاکتۆ لە رەوتی وتوێژ و دیالۆگی ئاشتیدا خۆی بەبەرپرس دەزانێ وەلەم راستایەدا لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کوردی رۆژهەلات بێوچان تێدەکۆشێ و بەخاوەن بەڵێن دەزانێ.

٥ .بەشداریکردن لەرێفراندۆم وەك درێژەی تێپەڕکردنی قۆناخی چارەسەرکردنی پرسی کورد و نەتەوەی کورد لە رۆهەڵاتی کوردستاندا. نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا دەتوانێ لەسەر بناخەی مافی رەوا د،ا لەپرۆسەی رێفراندۆمدا بەشدار بێ. نەتەوەی کورد لەو رێفراندۆمەدا لەسەر چۆنیەتی و شێوازی مانەوە لەنێو چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بریار دەدا.

٦. دوای تێپەڕکردنی هەنگاو و قۆناخەباسکراوەکان، لەپێناوی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکڵ و شێوازی بڕیار لەسەردراودا، کە کۆمارێکی دێمۆکڕاتیکە، پرسی ئاڵوگۆڕ لەحکومەتی دیفاکتۆ دێتەگۆڕێ. لەئاکامی گەیشتن بەرێگایەکی چارەسەر و رێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی لەئێراندا، حکومەتی دیفاکتۆ لەدیاسپۆڕاوە بەرەو کوردستان دەگواسترێتەوە. لەو قۆناخەدا بەسوودوەرگرتن لە میکانیزمی دێموکڕاتیك و تێپەڕبوون لە پڕۆسەیەکی دێمۆکڕاتیک و بەبوونی سیستمێکی فرەحیزبی، بەستێنی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و دامەزراندنی حکومەتی نوێنەرایەتی لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەدەکرێ.

شورای هاوئاهەنگی بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان

٢٠١١/٩/٢٥
گرنگی و پێویستی حکومەتی دیفاکتۆی تەوافقی و ئینتقاڵی لە تەبعییدا بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان

وەک بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان داواکارین لە هەموو حیزب، لایەن و کەسایەتی سیاسی و ئاکادێمی و ئایینی و بەتێکرای خەڵکی کورد لە دەرەوە و ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە یەکگرتووی و یەکگوتاری هەوڵ بدەن بۆ دروست کردنی سازی و سیستەمێکی کوردستانی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە بە سوود وەرگرتن لە نەخشەرێگای بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان/ حکومەتی دیفاکتۆی تەوافقی و راگوێزەر وەک ئادرەسێکی موشەخەس و موحەد، بە چوارچێوە و ساختارێکی ئۆرگانیزەکراو و دەستووری فۆرموولەکراوەی سەردەم، کە ببێت بە مەرجەعێکی گەورەی نەتەوەیی،سیاسی و مودیریەتی بە نیسبەت بریاراتی کەلان سەبارەت بە پرسی کورد لە ئێران دا، هەربۆیە پێویستە کە گشت لایەک بە چڕی تێبکۆشن و راشکاوانە روو بە یار و نەیار ئەم حکومەتە راییگەیەنن و بیکەین ئەمری واقع کە لە ئەنجام دا توانیبێتمان ئەسڵی سەروەری سیاسی بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکەین .

شکل گەلی سەروەری سیاسی یا حکومەت بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی بارودۆخ و توانایی و خواستی کورد، مومکین بوون و جێ بە جێ بوونی لە شەرایەتی ئێستادا« خۆدگەردانی، خودموختاری، فیدراڵی، سەربەخۆیی. «
بە هۆکاری داخراو بوونی کەشی ئازادی سیاسی و نەبوونی دێموکراسی لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەروەها رێگەنەدان بە بەشداری خەڵکی کورد بە شێوەی ئازاد کە پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسی و نەتەوەییانەوە هەیە، پاشان بە هۆکاری بوونی سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسین، ئینکار و میلیتاریستی لە لایەن حاکمیەتی تۆتالیتەر و سەرەرۆی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ دروست کردنی بەربەست بۆ ئازادی رادەربڕین و هەروەها ئەوەی کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە لایەن یاسای داسەپاوی رێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە لەگەڵ لەمپەری یاسایی بەرەوروون. بەم پێیە پێویستە کە بە خێرایی هێز و لایەنە سیاسیەکان، کۆی رێکخراو و دامەزراوە فکری و نەتەوەیی و مەدەنیەکان، هاوکات بە شداری چالاکانەی کەسایەتیە شارەزا، پسپۆر و خاوەن پێگە لە رووی فکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی، ئاکادێمی و بە گشتی لە دەرەوەی کوردستان دا، هەوڵ بۆ بەستنی «کۆنفرانسی ئاشتی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان»، دواتر

«کۆنگره یا پارلمانی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان» لە دەرەوە، لە کۆتایی دا دامەزراندن و راگەیاندنی «حکومەتی دیفاکتۆی تەوافقی، ئیئتلافی و راگوێزەر» لە تاراوگە دا لە شکلی مومکین دا بدەن کە هاوتەراز لەگەڵ ئاستی توانایی و خواست، هاوتەریب لەگەڵ دۆخی واقعی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بێت .
سەبارەت بە شێوە و جۆری حکومەت لە خوارەوە لە خاڵە ئاماژە پێکراوەکان دا هەوڵ دەدەین بە وردی و بە پێ پێویست بۆ گشت لایەک شی بکەینەوە.
بێشک حکومەتی دیفاکتۆ لەم چوار جۆرەی خوارەوەدا بە پێی واقعییەتی سیاسی رۆژ دەتوانێ چێ بکرێت، ئەوانیش « خۆدگەڕدانی، خۆدموختاری، فیدرالّی، سەربەخۆیی» کە دەتوانرێ بە پێی تواناییی هێزی کورد دەستەبەربکرێت.
بەم پێیە حکومەتی دیفاکتۆ نوێنەرایەتی کەڵاتی پرسی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات تا قۆناغی گواستنەوە بۆ ناوخۆی رۆژهەڵات بە شەڕ یان ئاشتی بێت، و دواتر لە هەڵبژاردنی ئازاد لە کەشێکی تەواو موناسب و دێموکراتیک دا، حکومەتی دیفاکتۆ کار دەکات دەستەبەرکردنی مەشرووعیەتی یاسایی، لەم قۆناغەی ئێستا دا تا گواستنەوە حکومەتی دیفاکتۆ بۆ هەرچی خێراتر کردنی رەورەوەی شۆرشی مافخوازی کورد لە رۆژهەڵات و بەرجەستەکردنەوەی دۆزی کوردی ئەو بەشە لە هاوکێشە سیاسی و ستراتیژیەکانی ناوچە و جیهان و ناوخۆی ئێران دا .

ئەرکەکانی پارڵمان و حکومەتی دیفاکتۆ لە تەبعیددا بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان :
پارڵمانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە گەورەترین مەرجەعی بریاردەری کەلانە لە مەڕ پرسە چارەنووسازەکانی کورد، ئەرکی پارڵمان نووسینەوەی دەستووری بنەڕەتی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، پەسەندکردنی گەڵاڵە و راسپاردە پێشنیارکراوەکان، هەڵبژاردنی کابینەی حکومەتی دیفاکتۆ، دیاری کردنی ئاستی دەسەڵاتەکان، هەڵبژاردنی دەزگای دادی سەربەخۆ .
ئەرکەکانی حکومەتی دیفاکتۆ لە تەبعیددا:
١. پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی یەکدەستی نەتەوەیی کە لە ژێر بریاری فەرماندەیی هاوبەش و رێک و پێک دا بێت .

٢. ژووری دیپڵۆماسی نەتەوەیی بۆکوردی رۆژهەڵات روو بە جیهان، واتە دیپڵۆماسی حیزبی و تاکی بگۆردرێت بۆ دیپڵۆماسی و لابی نەتەوەیی ، لەم چوارچێوەیەدا بانگهێشتی هەموو تاک و کەسایەتیەکانی کورد دەکرێت کە لە کاری دیپڵۆماسی و پەیوەندی دا شارەزاییان هەیە .

٣. دامەزراندنی ناوەندێکی راگەیاندنی نەتەوەیی بە چەندین زمان، کردنەوەی میدیا نەتەوەیی روو بە رۆژهەڵاتی کوردستان، میدیایەک کە دەنگ و رەنگ و سیمای راستەقینە و ئاوێنەی باڵاونوێنی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان بێت و لە وشان دا روو بە هەموو چین و توێژ و بیر و زاراوەیەک و بۆگشت پرسەکان دەربکەوێت .

٤. کردنەوەی ژوورێکی پەیوەندی ئێرانی لە لایەن حکومەتی دیفاکتۆ سەبارەت بە دیپلۆماسی ناوخۆیی ئێران، بە مەبەستی پەیوەندی و نزیکایەتی، لێک تێگەیشتن و دیالۆگ و هاوکاری، پێکەوە کارکردن،واتە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دێموکراتیک و هەروەها حیزب و گەلانی تری ناو چوارچێوەی ئێران دا.

٥. سەندووقی ماڵی نەتەوەیی، حکومەتی دیفاکتۆ بۆ هەڵسووڕاندن و ڕاپەراندنی ئەرک و کارەکان و هەزینەی ئۆرگانەکانی پێویستی بە سەندووقی دارایی هەیە، بودجەی ساڵانە لە لایەن پارلمانی تاراوگەوە پەسەند دەکرێت. سەرچاوەی داهات و ماڵی حکومەتی دیفاکتۆ لە پرۆژە ئابووریەکان و وەبەرهێنان هاوکاری و یارمەتی، پشتیوانی کەسانی سەرمایەدار، پشتیوانی دۆستان و وڵاتانی دێموکراتیک کە پشتیوانی دۆزی کوردندابین دەکرێت .

٦. حکومەتی دیفاکتۆ لە تاراوگە هەڵدەستێت بە گرینگی دان، دیاری کردنی سیمبۆڵ و مۆرکە مێژوویی و نەتەوەییەکان، کە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون و دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەساڵی 1945 دا، تێدەکۆشێت بۆ بەرجەستە کردن و نەخشاندنەوەی و بەهێزکردنی کاراکتەری نەتەوەیی و سیاسی کورد .

٧. حکومەتی دیفاکتۆ لە تەبعییدا لەمەر کۆماری ئیسلامی کە ئێستا تەواو هێژموونی بەسەر ئێران سەپاندووە و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی قورخ، بەگشتی مافە دێموکراتیک و نەتەوەیی و مرۆییەکانی گەلانی ئێرانی پێشێل و زەوت کردووە، بۆیە حکومەتی دیفاکتۆ بڕیاری خەباتی فرەرەهەندی و خۆراگری تەواو بە هەموو مێتۆدەکانی بە جایز و مەشروع دەزانێت، لەوانە خەباتی سەخت ئامێری واتە «دیالۆگی مسلحانە» چەکداری، خۆراگر و نافەرمانی مەدەنی، خەباتی نەرم ئامێری و «دیالۆگی ئاشتیانە «لە بەرنامەی کاری خۆیدا دەگونجێت .

٨. حکومەتی دیفاکتۆ لە تاراوگە لە هەموو هێز و دینەمۆی مرۆیی و پۆتانسێلەکانی بەردەست و بەشدار لە کەیسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک وەردەگرێت ، هەروەها لە بەڕێوەبردنی و ئۆرگانیزەکردنی هێزی تێکۆشەر و ئازادیخواز لە ناوچوارچێوەی جوغرافیایی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران دا ، لە گشت دامەزراوە مەدەنی، جەریانە سیاسی و ئایینییەکان، چین و توێژەکان، ژنان و لاوان، مامۆستایان و خوێندکاران، خەڵکی گوند و شار، بە شێوەی یەک هەنگاو و پۆشتە و پەرداخ بە ڕێکخستن و یەکانگیرانە سوود وەردەگرێت، لە پێناو یەکگوتاری و یەکگرتووی نەتەوەیی و ئاراستەدانی ڕێگای تێکۆشانی کەمتێچووی سەردەمیانە بۆ پێشەوەچوون و چارەسەرکردنی دۆزی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

٩. حکومەتی دیفاکتۆ لە تاراوگە هەڵدەستێت بە دامەزراندنی ناوەندگەلی جۆراوجۆر، دامەزراوە و ڕێکخراوەی گرینگ، سەکۆ و ژووری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بابەتگەلی فکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەمنی، زمانەوانی، کۆمەڵناسی، ژینگەیی، جوگرافی، مێژوویی، زانستی، هزری و ئەدەبی..و.. کە بە هەزاران کەسایەتی پسپۆڕ و لێهاتوو و بەتوانا و شارەزا و خاوەن ئەزموون و ئاکادێمی لەم بوارانەدا لەدەرەوە ڕاستەوخۆ و لە ناوخۆش ناڕاستەوخۆ تێیان دا کار و چالاک بن و ڕۆڵی بەهێز و دیار بنوێننن.

٢٠١١/٩/٢٥

بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان
Www.komarixwaz.com

..................

نقشه راه، راه کارهای رسیدن به حاکمیت سیاسی و تشکیل حکومت دفاکتو اتلافی، تەوافقی و انتقالی در تبعید به عنوان یک مرجعیت سیاسی و ملی و اداری برای کوردستان تحت حاکمیت ایران 👇👇
فارسی
http://www.komarixwaz.com/.../7247-2018-12-03-04-51-23
لینک منشور جنبش جمهوریخواه شرق کوردستان
http://www.komarixwaz.com/.../1927-2014-01-09-10-38-06

........................

لینکی مەنشووری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان
http://www.komarixwaz.com/bername.php

ایمیل و آدرس ارتباط با جنبش جمهوریخواه شرق کردستان
info@komarixwaz.com
komarixwaz2011@hotmail.com